کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# لەئاسمانێکی لێڵدا



sardeen1997@hotmail.com

من شیعرم ناوێ
لە بن سێبەری وە حەسێم
بۆ ساتێ خەو لە بن داری بالاّ ت
بێژوو دە کەم
من وەسفم ناوێ
بێ دیتنی چاوەکانت
چیمە لە دووکەڵی ئاگرێکی دوور
من گڕوتینی باشم دەوێ
چاوەکانم ناکەمە گەڕۆکی ئاسمانی لێڵ
چونکە ئەستێرەی بەختم ون دەبێ
من ماسییەکی ڕەزا سووکی

ڕەنگینم دەوێ
لە زەریایەکی بێ بندا
ئەڤینداری مەلە بکا
من خولیای ئاوێنەیەکم
کەبۆنی گوڵ و عەشق
بەروخساری ژین داداو
وەک بالاّیەکی شیعراوی
چریکەی ئاوازی بولبولانی
ناو بێسانی پێوە بێت
وەلێ من ئەوینێکم دەوێ
هێمای عەشق و بێگەردی
پێوە دیار بێت